# سۆسیالیزم ئاسۆی روونی بزووتنەوەی ژنان

لە هەلومەرجێکدا باس لە گیروگرفت و بارودۆخی بزووتنەوەی ژنان دەکەین کە کۆماری ئیسلامی بە دڕندانەترین شێوازەکانی سەرکوت و بە پشت بەستن بە فەرهەنگی پیاوسالارانە و کۆنەپەرستانەی خۆی، کۆمەڵگەی ئێرانی بۆ ژنان کردوەتە زیندانێکی گەورە. ژنان لە ئێران نەتەنیا قوربانیی سیستمی سەرمایەدارین، بەڵکوو دەسەڵاتداریتی مەزهەبیش ستەم و توندوتیژیی لە دژی ژنان پەرە پێداوە و جێی خستووە.

پرسی ژن وەکوو پرسێکی کۆمەڵایەتی تەنیا تایبەت بە ژنان نییە، بەڵکوو بەگشتی دەرخەری ئەو پەیوەندییە دیاریکراوە کۆمەڵایەتیەیە کە بە هۆیەوە جێگاوشوێنی کۆمەڵایەتیی ژنان لەچاو پیاوان زامنێکە بۆ نابەرابەری، ژێردەستەیی و کۆیلەیی رەگەزی مێینە.

بە بەڵگە هێنانەوە لە کتێبی بەناوبانگی ئێنگڵس بەناوی "بنەچەی خێزان، خاوەنداریتی تایبەتی و دەوڵەت"، کە یەکێک لە پڕبایەخترین بەرهەمە کلاسیکەکانی مارکسیزمە، هەوڵدەدەم سەرەتا بە چاوخشاندنێکی خێرای مێژوویی ئاماژەیەک بە چۆنیەتیی پرۆسەی سەرهەڵدانی ژێردەستە بوونی رەگەزی مێینە بکەم.

بەر لەوەیکە کۆمەڵگاکان بەسەر چینەکاندا دابەش ببن، کاتێک کە پێکهاتە و جۆری خێزان، چوارچێوەی تەکووزیی کۆمەڵایەتی پێکدێنا، لە پرۆسەیەکی درێژماوەی مێژوویدا و لە دوای تێپەڕبوونی قۆناغێک کە بە هۆیەوە پەیوەندیی نێوان رەگەزی نێر و مێ بەشێوەی سروشتیی و بەدوور لە یاسا و رێسا کولتوری و ئەخلاقییەکان، سێبەری خستبووە سەر پەیوەندیی نێوان دوو رەگەز، هاوکات لەگەڵ دەرکەوتنی ئاکامە نەرێیەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵگای مرۆیی، سنوورێک لە نێوان پەیوەندییە رەگەزیەکانی ژنان و پیاوان سەری هەڵدا کە دواتر وردە وردە و بە تێپەڕبوونی کات، بە ئاراستەی شێوازی تەک هاوسەریی گۆڕانی بەسەردا هات. هەر لەم سەروبەندەشدا جۆرێک لە دابەشکردنی کاری سروشتیی و خۆڕسک لە نێو ژنان و پیاواندا بوو بە باو کە بە پێی ئەو ژنان زیاتر سەرقاڵی کاری ناوماڵ و ئاگاداریی لە منداڵان بوون و پیاوانیش بە کارەکانی دەرەوەی ماڵ، وەک راوکردن و شەڕەوە خەریک بوون. لە راستیدا ئەم دابەشکردنە هاسان و خۆڕسکەی کاری سروشتیی، بە ئەوپەری گەشەی کۆمۆنیسمی سەرەتایی دێتە ئەژمار. بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە لەم قۆناغەدا هێشتا باڵادەستیی پیاوان بەسەر ژناندا دەستی پێنەکردووە، چوونکە دەرەنجامەکان و دەستکەوتەکانی کاروباری ناو ماڵ، کەمتر لە دەرەنجامەکانی کار و چالاکیی پیاوان لە دەرەوەی ماڵ نەبوو، بەڵام کاتێک کە سەروەت و سامانی کۆمەڵایەتیی پەرەی سەند و ئەم سامانە لە دەرەوەی ماڵ و بەدەستی پیاوان بەرهەم هێنرا، جێگاوشوێنی پیاوان بەهۆی دەستپێڕاگەیشتنیان بە سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی سەروەت، زیاتر بەهێز بوو. هاوکات لەگەڵ رادەی پێشکەوتنی بەرهەمهێنانی سەروەت و سامانی

ماددی لە ڕێگای کشتوکاڵ، ماڵیکردنی ئاژەڵەکان و کەڵک وەرگرتن لە کاری کوێلەکان، کۆمەڵگاکانی پشت بەستوو بە بنەماکانی دایکایەتیی تێکڕمان و ئەو شێوازە لە بنەماڵە سەری هەڵدا کە لەسەر بنەمای خاوەندارێتیی تایبەتی و زاڵبوونی پیاو بەسەر ژندا دامەزرابوو(پیاو مەزنی).

دابەشکردنی کار بەشێوەی سروشتیی لە نێوان ژن و پیاو لە کۆمۆنی سەرەتایی، خۆی لە خۆیدا بواری بۆ دابەزینی جێگا و شوێنی کۆمەڵایەتی ژنان نەڕەخساند، لەبەر ئەوەیکە هێشتا ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی سامانی کۆمەڵایەتی لە دەست پیاواندا چەقبەستوو نەبوو و کۆمەڵگەی پشت ئەستور بە خاوەندارێتی تایبەتی پێک نەهاتبوو، کەواتە دابەشکردنی بەرایی کاری نێوان دوو ڕەگەز، نەیدەتوانی خۆی لە خۆیدا ببێتە هۆکاری ژێردەستەبوونی جێگاوشوێنی کۆمەڵایەتیی ژنان. لە کاتێکەوە کە پیاوان دەستیان بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان داگرت، کۆمەڵگەی پیاوسالاریی پێکهات و هاوکات بنەماڵەی پێکهاتوو لەسەر بنەمای دایکایەتیی، جێگای خۆی دا بە بنەماڵەی باوکسالاری کە لەسەر بنەمای خاوەندارێتی تایبەتی و باڵادەستبوونی پیاو بەسەر ژندا پێکهاتبوو. لەو کاتە بەدواوە و پێ بە پێی ڕەوتی پێشکەوتنی مێژوویی کۆمەڵگە چینایەتییەکان، ژنان ناچار بە ڕاپەڕاندنی کارەکانی ناوماڵ، منداڵداریی، خزمەتکردنی هاوسەر و کاری دیکەی لەمجۆرە بوون و کەم تا زۆر لەهەر جۆرە بەشداریکردنێکی چالاکانە و کارامە لە بەشە ئابووریی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتوریەکان، بێبەش کران.

دابەزینی جێگاوشوێنی ژن بۆ ئاستی ژێردەستە بوون و زاڵبوونی پیاو بەسەر ڕەگەزی بەرامبەر، لە پرۆسەیەکی مێژووییدا پێکهات کە هاوکات کۆمەڵگاش بەسەر چینەکاندا دابەشبوو. لە ڕاستیدا جیایی نێوان بەشە جۆراوجۆرەکانی کار و چالاکیی ئابووریی و بەرهەمهێنان لە بەشەکانی کشتوکاڵ، ئاژەڵداری، پیشەسازی و دابەشکرانی کارەکان بەسەر دوو بواری فیکریی و جەستەییدا و بەکارهێنانی هێزی کوێلەکان، هەموویان بوونە هۆی سەرهەڵدانی خاوەندارێتی تایبەتی و پاشانیش دابەشبوونی کۆمەڵگە بەسەر چینەکان و بەمجۆرە بوارە ماددی و عەینییەکانی باڵادەستبوونی پیاوان بەسەر ژنان و بارودۆخی ژێردەستە بوونی ڕەگەزی مێینە هاتە ئاراوە.

کەواتە بە پێچەوانەی تێگەیشتنی باوی بەشێک لە فیمێنیستە ئێرانییەکان، هۆکارەکانی ژێردەستەبوونی ژنان و دابەزینی جێگاوشوێنی ئەوان لە کۆمەڵگە، نابێت لە تایبەتمەندییەکانی پیاوان و یان جیاوازییە فیزیکی و جەستەییەکانی نێوان دو ڕەگەزدا تاوتۆی بکرێت، لەبەر ئەوەیکە دیاردەی ژێردەستە بوونی ژنان بەرهەمی ڕەوتێکی مێژووییە کە پشتی بە پرۆسە ماددییەکان و شێوازی بەرهەمهێنان و پەیوەندییە ئابوورییەکانی کۆمەڵگەوە بەندە.

ئەگەرچی ژێردەستەبوونی ژنان هەڵدەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆمۆنی سەرەتایی و پێکهاتنی کۆمەڵگەی کوێلەداریی، بەڵام هەتا بەرلە قۆناغی سەرمایەداری، پرسی ژن وەکوو بزووتنەوەیەکی ناڕەزایەتیی کۆمەڵایەتی، دەرنەکەوت، ئەگەریش ژنان لە ئاست جێگاوشوێنی ژێردەستەبوونیان ناڕازی بووبێتن، ئەمە کەمتر بەشێوەی بزووتنەوەیەکی سەربەخۆی جەماوەریی دەردەکەوت،

بەڵام هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی سەرمایەداریی و گرنگیی جێگاوشوێنی هێزی کاری ژنان و لە ئاکامی چوونی بەملیۆن ژن بۆ مەیدانی چالاکییە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان، پرسی ژن وەکوو کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بواری خۆدەرخستنی بۆ رەخسا. هاوکات لەگەڵ کرانەوەی رێگای چوونە ناوەوەی ژنان بۆ مەیدانی چالاکییە ئابووری، سیاسی و کولتووریەکان و وەئەستۆگرتنی زۆرێک لەو ئەرکانەی کە پێشتر لەئەستۆی پیاوان بوو، بەکردەوە دۆخێک بەسەر ژناندا سەپا کە تا رادەیەکی زۆر دەیتوانی لەگەڵ جێگاوشوێنی پیاوان لە کۆمەڵگە رکابەریی بکات. ئەمە بەش بە حاڵی خۆی بوار و هەلومەرجی سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی نارەزایەتیی رەخساند کە لەو چوارچێوەیدا ژنان خوازیاری وەدەستهێنانی جێگاوشوێنی بەرابەر لەگەڵ پیاوان لە کۆمەڵگەدا بوون و بەمجۆرە بزووتنەوەی ژنان وەکو بزووتنەوەیەکی سەربەخۆی کۆمەڵایەتی کە خوازیاری بەرەسمی ناسینی مافە یاساییەکان و داخوازیگەلێکی وەک مافی دەنگدان، هەقدەستی یەکسان لەبری کاری یەکسان و ویستی دیکەی لەم چەشنە بوون، سەری هەڵدا.

بزووتنەوەی ژنان لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا خۆی راستەوخۆ بزووتنەوەیەکی چینایەتی نییە، بەڵام ناشکەوێتە دەرەوەی بازنەی خەباتی چینایەتییەوە؛ لەبەر ئەوەیکە ژنانیش هەروەک پیاوان بەسەر چین و توێژە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا دابەش دەبن. گەرچی بزووتنەوەی ژنان بەگشتی ئامانجێکی بنەڕەتی دەگرێتەبەر کە ئەویش بریتییە لە وەدەستهێنانی جێگاوشوێنی کۆمەڵایەتی یەکسان لەگەڵ پیاوان، بەڵام قورسایی بەرەوپێشبردنی وەها بزووتنەوەیەک زیاتر لە هەموان لەسەرشانی ژنە کرێکار و زەحمەتکێشەکانە، چونکە ئەوە ژنانی کرێکارن کە لە لایەکەوە وەکوو کرێکار دەچەوسێندرێنەوە و تەنانەت لەچاو پیاوانی کرێکار مەترسی چەوسانەوە و لەسەرکار دەرکردنی زیاتریشیان لەسەرە و لە لایەکی دیکەشەوە بەهۆی رەگەزەکەشیانەوە وەکوو مرۆڤی پلە دوو دێنە ئەژمار و سووکایەتییان پێدەکرێت. کەواتە لە بزووتنەوەی ژناندا رۆڵی ژنە کرێکارەکان و هەڵسووڕاوانی کۆمۆنیست، رۆڵێکی بەرز و بنەڕەتییە، لە وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداریش هەرچەند ژنان توانیویانە لە رێگای چەسپاندنی بەشێک لە داخوازیەکانیان و مسۆگەر کردنی مافە یاساییەکان بۆ خۆیان سەرکەوتنێکی بەرچاو بەدەست بهێنن، بەڵام سیستمی سەرمایەداریی هەروا هێمای پیاوسالاریی خۆی پاراستووە.

پرسی ژن ناتوانێت بەشێوەیەکی بنچینەیی لە چوارچێوەی سیستمی سەرمایەداریدا وەڵامی راستەقینەی خۆی وەربگرێتەوە، لەبەر ئەوەیکە لە بنەڕەتەوە دوومەرجی سەرەکی بۆ سەقامگیریی یەکسانیی کۆمەڵایەتی ژن و پیاو بریتین لە: ژنان لەئاستێکی جەماوەریدا بێنە ناو بەشی چالاکییە ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتوریەکان و هەروەها قورسایی کاری تاقەت پڕوکێنی ناوماڵ و منداڵداریی لەسەرشانی ژنان لاببرێت و بکرێتە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی.

کەوابێت تەنیا بە هاتنە ئارای وەها هەلومەرجێکە کە یەکسانیی راستەقینەی ژنان و پیاوان وەدی دێت، بەڵام هاتنەدی هەر ئەم بارودۆخە بەستراوەتەوە بەوەیکە خاوەندارێتیی بورژوازی ببێتە خاوەندارێتی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا. کەوابێت بزووتنەوەی ژنان بۆ رزگاریی یەکجارەکی، دەبێت لە چوارچێوەی خەباتی بورژوازی واوەتر بچێت و خۆی بە بزووتنەوەی سۆسیالیستی

– کرێکاریی بە ئامانجی لەناوبردنی سەرمایەدارییەوە پەیوەست بکات و چارەنووسی خۆی بە چارەنووسی ئەم بزووتنەوەوە گرێ بدات. هەر چەند بزووتنەوەی ژنان کەموکوڕیی خۆی هەیە، بەڵام بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەیە و دەشتوانێت لە گۆڕانکارییەکانی داهاتووی کۆمەڵگەدا رۆڵێکی گرینگ بگێڕێت. سەرەڕای تەواوی هەوراز و نشیوەکان خۆشبەختانە ژنە خەباتکارەکان هیچکات کۆڵیان نەداوە و بەردەوام لە بەرامبەر هێرشی رژیمی سەرکوتگەر و کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامیدا راوەستاون و بۆ گۆڕینی جێگاوشوێنی کۆمەڵایەتی خۆیان و مسۆگەر کردنی مافەکانیان هەوڵدەدەن بەجۆرێک کە لە دەیەی ۱۳۷۰ی هەتاویدا شاهیدی بوژانەوەی سەرلەنوێی خەباتی کۆمەڵایەتی ژنان لە ئێران بووین و ئێستاکە ئەم بزووتنەوەیە بە تەواوی مەیلە ناوخۆییەکانیەوە بۆتە بزووتنەوەیەکی بەهێز کە لەرێگای بێگەڕانەوەی خۆیدا بە ئامانجی پاشەکشەکردن بە کۆمەڵگەی پیاوسالار، وەدەستهێنانی جێگاوشوێنی کۆمەڵایەتیی یەکسان لەگەڵ پیاوان و بونیادنانی کۆمەڵگەیەک کە بەها مرۆییەکان تێیدا رەچاو کرابن، بەرەوپێش دەچێت.

پێویستە لەسەر ئەم خاڵە جەخت بکرێتەوە کە ژنە کۆمۆنیست و سۆسیالیستەکان نابێ لە گەڵ مەیلە لیبراڵی و رێفۆرمیستەکانی ناو بزووتنەوەی ژنان کە پێیانوایە دەکرێت کۆماری ئیسلامی چاکسازیی تێدا بکرێت و بە گەڵاڵەکردنی خواست و ویستی دیاریکراو، باشتر بوونی جێگاوشوێنی کۆمەڵایەتیی ژنان لە چوارچێوەی رژیمی ئیسلامیدا دەگونجێت، نەرمکێشی بکەن. خەبات لەدژی مەیلە رێفۆرمیستییەکانی ناو بزووتنەوەی ژنان پێویستی بە شێلگیری و خستنەڕوی توانا و لێهاتوویی رێبەرە چەپ و کۆمۆنیستەکانە بۆ رێکخستنی ئیرادە و ویستی ژنانی زۆرلێکراو.

ژنان دەبێ لەوە تێبگەن کە هەرجۆرە گۆڕانێکی راستەقینە و بنەڕەتی لە جێگاوشوێنی کۆمەڵایەتیی ئەوان و مسۆگەرکردنی ماف و داخوازیەکانیان، بەستراوەتەوە بە گۆڕانکاری بنەڕەتی لە پێکهاتەی نەریتی کۆمەڵگەی ئێران و پەیوەندیی بە گۆڕانکاری لە کولتور و سیستمی بەڕێوەبەرایەتیی ئەو کۆمەڵگەیەوە هەیە و ئەمەش تەنیا بە روخانی رژیمی کۆماری ئیسلامی بەشێوەیەکی شۆڕشگێڕانە و سڕینەوەی پێکهاتەی سەرمایەداریی و کۆمەڵگەی پیاوسالار وەدی دێت کە بێگومان ئەو رۆژەش زۆری نەماوە. بونیاتنانەوەی کۆمەڵگەی مەدەنیی لەسەر بنەمای بەهاکان و پێوەرە مۆدێرنەکان ئەو دەرفەتە بۆ ژنان دەڕەخسێنێت کە جێگاوشوێنی کۆمەڵایەتیی خۆیان لەچاو پیاوان باشتر بکەن. بزووتنەوەی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی دەبێت بتوانێت خەبات لەدژی رێفۆرمیسمی ناو بزووتنەوەی ژنان بە پرۆسەی بەهێزکردنی مەیلی سۆسیالیستی ناو ئەم بزووتنەوەیەوە گرێبدات کە ئەویش یارمەتی بە خۆڕاگریی، شێلگیری، پێداگری و درێژەی کاری بزووتنەوەکە دەکات.

***